www.kurdistannet.org
17-2-2007 22:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەجلیسی پرۆفیسۆران و عەقڵی دواکەوتویی خوێندکار!!. وەڵامێک بۆ چەواشەکاریەکانی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی لە کۆنگرەی ڕۆنامەوانی (2007/2/13) دا سەبارەت بە کێشەی خوێندکارانی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی. ...

نەبەرد محمد

چەواشەکاریەکان ئەوەندە زۆرن نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم و لە کام خاڵەوە ڕوونی بکەمەوە، بۆیە ئەگەر سەرجەم خاڵەکان باس نەکەم ئەوا هەوڵ دەدەم چەند شتێکی دیاریکراوی ناو کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکە بۆ بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز ڕوون بکەمەوە بۆ ئەوەی مەسەلەکە بە تەواوی ڕوون بێت و پاشان خۆی حاکمی ویژدانی خۆی بێت کە حەق لای کێیە.

سەرەتا ئەوەی گرنگە ئاشکرا بکرێت ئەوەیە کە ئیدارە زانکۆی سلێمانی هەر لە سەرۆکی زانکۆوە تاکو ڕاگرایەتی کۆلێجەکەی ئێمە هەمیشە لە هەوڵدا بوون بۆ شێواندنی داوا ڕەواکەمان کە ئەم کۆنگرەیە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە، ئەگەر بڕواش ناکەن لێیان بپرسن کە بۆچی لەگەڵ خوێندکارانی کۆلێجەکە دانانیشن و ئەم قسانە ناکەن؟ یان بۆچی لە پێش چاوی سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەو دانیشتنە ساز ناکەن و بە بەشداری خوێندکاران؟ بەڵام ناو ێرن کاکە!. . ئەگەر دەڵێن وانییە بۆچی لە ڕۆژی 2007/2/12 لە بەرنامەیەکی ی کەناڵی خاك خۆتان دزیەوەو ئامادە نەبوون بەشداری بکەن، کە ڕەنج سەنگاوی ئامادەکاری بووو، وە ئامادە نەبونی ئێوەش بوو بە هۆی ئەوەی بەرنامەکە ساز نەکرێت، یان هەر ناتانەوێت گوی بگرن و تێبگەن، ئەگەر لە بەرنامەیەکی ڕادیۆیی یان هەر دانیشتنێکی نێوان ئێوەو خوێندکاران کاتێك زۆرتان بۆ بێت و هیچتان بەدەستەوە نامێنێت خێرا دەرگای هەڵهاتنتان ئامادەیەو دەڵێن لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە. یەك لەو خاڵانەی لە کۆنگرەکەدا باسکرا ناوی لیژنەی زانستی بوو، سەیرە! ئەدی ەپێمان ناڵێن کامەیە لیژنەی زانستی؟ ئەگەر مەبەستتان ئەو لیژنەی (2007/1/30) کە وەکو خۆتان دەڵێن 10ی سەرلە بەیانی تا 5ی ئێوارەی خایاند، ئەوا من پێتان دەڵێم ئەوە لیژنەی زانستی نەبوو بەڵکو لە دانیشتنێکی ئاغایانەو هەر لە دەمەتەقێی دیوەخان زیاتر نەبو، چونکە بەڕێزان ئەم لێژنەیە، یەکەم: بڕیاری تێدا نەدرا، دووەم: هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تێدا ئەنجام نەدرا، سێیەم: جۆرێك لە چپی چپی و فرت و فێڵ و کۆبونەوەی داخراوو لە ناو ئەم لیژنەیە زانسیەدا هەبوە!

ئەگەر بە ڕاستی بۆ لێکۆڵینەوە دانیشتبوون ئەی بۆ لە دوای کۆبونەوەکە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی دەرنەخست؟ ئەدی کوا بڕیارەکانی ئەو کۆبونەوەیە؟ ئەی کۆنوسی ئەو کۆبونەوەیە لە کوێیە کە ئیمزای ئەندامانی بەشدار بووی لەسەر بێت؟ کەواتە ئەگەر ئێوە پرۆفیسۆرن و مەلە لە دەریای عیلمدا دەکەن، دەبوو ئەمانە ئێوە درکتان پێبکردایە، نەك ئێمەی گەنج و یاخی و هیچ نەزان! نەك ئێمەی عەقڵ دواکەوتوو کاڵفام.

بەرێزان یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە باستانکرد دەڵێن ئێوە زانیاریتان هەبوە لەسەر ئەم کۆلێجەو پێشتر ئاگادار کراون و بەڕێز ڕاگری کۆلێجیش بەو پەڕیقەناعەتی خۆی بڵاو کراوەیەکی ناوخۆی کۆلێجەکە بەرز دەکاتەوە دەڵی ئەوەتا ئاگادار کراون، ئەی دکتۆری بەڕێز حەقبوو ئەوەش بڵێی کە بڵاو کراوزەکەتان ساڵی یەك جار دەردەچێت، مۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری نیە، لە بینای ئەو کۆلێجە نەچۆتە دەرەرەوە، پاشان ئەمە کەی بەڵگەی ڕەسمی و نوسراوێکە کە هەموو خوێندکارێك ئەمەی لە لا بێت، ئاخر بەڕێز خۆ بڵاوکراوەکەی تۆ ڕۆژنامەی (ئاوێنە، هاوڵاتی و ئاسۆ) . . هتد نیە تاکو ئێمە تامەزرۆی بین و بیخوێنینەوە، یان گریمان وا بوو بە چ یاسایەك ئێوە ئەمە بە پێوەر دادەنێن و دەیکەن بە ماڵ لەسەر خوێندکار؟ لە ڕاستیدا من ئازادم لەوەی کە بڵاوکراوەکەی جەنابتان بخوێنمەوە یان نا، بەڵام تۆ ئازاد نیت و مافی ئەوەت نیە بڵاوکراوەکەی خۆت بکەیتە سەرچاوەی زانیاری ئێمە، کە باسی ئەمە دەکەیت ئەی بۆچی لەگەڵ ئەمەشدا باسێکی ئەوە ناکەیت کە هیچ فۆرمێکی ڕەسمی یان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نوسراوێکی باوەڕ پێکراوتان نەداوە بە خوێندکار، یان هەمو ئەو قسەو لێدوانانەی خۆتان ناکەن کە لەسەرەتاوە بەڵێنتان دەداو چەواشەتان دەکردین؟ یان ئەمە دیزە بەدەرخۆنەی هەڵەکانتانە؟

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە باستانکرد مەنهەجی دراسی ئەم کۆلێجەیە، بەڵام ئەی داهێنەرانی پەروەردەو پێشڕەوانی زانست بۆچی ئەمەتان لە لیژنە زانستیەکەی خۆتان دیراسەت نەکرد؟! بۆچی لەوی ئەم ڕاستیەتان بۆ خەڵك نەسەلماند؟ یان لەوی خەریکی بەرنامەیەکی نوێ بوون بۆ ئیجرائات کردن لە گەڵماندا و دانانی بەرنامەیەك بۆ کۆتایی هێنان بە مانگرتنی ئێمەی خاوەن ماف؟ سەیرە کە دەبینم جێگری ڕاگر دەڵێت پرۆگرامەکەتان جیاوازە لە پرۆگرامی کۆلێجی پەروەردەو لەو کۆنگرەیەشدا بە ڕۆژنامە نوسەکان دەڵێت: دەتتوانن بێن سەیری مەنهەجەکە بکەن! ئەی بەڕێزتان بۆ نایەن ئێمەو ئێوەو سەرجەم ئە کەناڵانەی کە قسەتان بۆ دەکردن لە پێش چاوی خەڵکی بەراوردی بکەین؟ یان ئەمەشیان لە دەسەڵاتی ئێوە نیە؟! وە ئەگەر قسەکەی جەنابیشتان ڕاستە ئەی بۆچی وەزیری خوێندنی باڵا لە کۆنوسی کۆبونەوەی (2007/2/5) دا لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ لە خاڵی (4) دا دەڵێت: لیژنەی زانستی درووست بکرێت لە لایەن پسپۆڕانەوە بۆ گۆڕینی مەنهەجەکە کە لەگەڵ ئایندەی هەرێم ی کوردستاندا بگونجێت، بێگومان بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕوونە و ئەمە بەسە بۆ قسەکردن لە سەر ئەوەی کە مەنهەجمان هی سەرەتایی نیە.

یەکێکی تر لەو خاڵانە کە زۆر سەرسامم دەکات ئەو قسانەی بەڕێز سەرۆکی بەشی کۆمەڵایەتیە کە یەکێکە لە هەرە بلیمەتەکانی بواری سایکۆلۆجیا، ئەو نەسیحەتمان دەکات و دەڵێت بۆ ناچن وانە بە قۆناغی سەرەتایی بڵێنەوە چونکە ئەم قۆناغە وا گرنگەو وا هەستیارەو وا. . وا. . . هتد ئەدی بەڕێز ئێمە لە جەنابت دەپرسین، وەکو خۆت دەڵێیت سیستمی وڵاتی ئێمە زۆر سەقەتەو پێویستی بە کادری باش و لێهاتو هەیە، بەڕێز پێمان وایە کەسمان لە تۆ باشترو زاناتر نیە لە بواری سایکۆلۆجیای منداڵدا، ئایا ئێوەو ئامادەن بچنە قوتابخانەیەکی سەرەتایی و نەوەیەکی تەندروست پێبگەیەنن، وەك دەڵێیت لە ئەوروپا ماستەرو دکتۆرا ئەم کارە دەکەن، خۆ ئەمە خزمەتێکی گەورەیەو کارێکی زۆر پیرۆزە، ئەگەریش وانیە ئەئەوە خۆت دەڵێیت، وە ئەگەر بەمەش ڕازی نیت بچۆ لە یەکێك لە پەیمانگاکانی پێگەویاندنی مامۆستایاندا وانەبڵێنەوە کە هەمو دەرچویەکی ئەم پەیمانگایانە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایە بۆ منداڵ و قۆناغی سەرەتایی، هەرکاتێك بەڕێزتان ئەمەتان کرد ئەوجا ئێمەش وەکو خوێندکاری خۆت چاو لە بەڕێزتان دەکەین و وەجاختان ڕووناك دەکەینەوە.

یەکێکی تر لەو خاڵانە کە باستانکرد دەڵێن ئەم کۆلێجە لە هەمو دنیادا لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا هەیە دەبێت ئێمەش چاو لەوان بکەین بۆ گۆڕینی سیستمی پەروەردە لە سەرەتاییەوە، بەڵام بەڕێزان پێش ئەوەی ئەوە بکەن، بەرنامەیەکی وا دابنێن کە لەگەڵ واقیعی کوردستاندا بگونجێت، کاتێك کە تۆ مامۆستای سەرەتایت زیادە (بە وتەی نوێنەری یەکێتی مامۆستایان) لە سلێمانی وە جەنابی سەردانی کردوین، جگە لە کردنەوەی پەیمانگای جۆراو جۆر هەر یەکە لە ژێر ناوو نیشانێك، ئیتر کردنەوەی کۆلیجت لە چی و گۆڕینی سیستەمت لەچی.

وە بەڕێز سەرۆکی بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێت: کە گوایە (خوێندکارا واتە (ئێمە) دەڵێین کە عەقلێکی پیرو دواکەوتو ناهێڵن ناوی کۆلیژەکەمان بگۆڕن)، وە بەێزیشی دەڵێت ئەی بۆ لە خۆیان واتە (ئێمە) ناپرسن کە کێ دواکەوتو عەقلی کۆنەو نا هێڵێت سیستەمی پەروەردە بگۆڕێت)، بەڵێ بەڕێز هەڵبەت ئێمە کە گەنج و خوێندکاری زانکۆ عەقڵمان کۆنەو دنیامان نەدیوە! ئێمەین فرمان بەسەر پەروەردەوە نیە! بەڵام بەڕێزان خۆ ئێوە دنیا دیدەو زاناو پسپۆڕن و سەرتان لەم کەین وبەینە دەر دەچێت! کەوابوو ئەم هەموو هەڵەیە بۆ؟ خۆ هەموو ئەو کۆبونەوە و لیژنەی زانستی و کۆنگرە ڕۆنامەوانیە مەجلیسی پرۆفیسۆران بوو!!. .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.